## هیشام ئاکرەیی، لێپرسراوی کۆمیتەی بەرگریی لەرۆژنامەنووسان:

## رێکخراوەکانی تری رۆژنامەنووسان لەجیاتی ئەوەی بەرگریی لەرۆژنامەنووسان و ئازادیی رۆژنامەوانی بکەن،

## بەرگریی لەدەسەڵات و پارتەکان دەکەن:

**دیمانە /ئاسۆ**

لەمانگی ئەپریلی ڕابردوو چەند نووسەرو رۆژنامەوانێکی کورد لەدەرەوە و ناوەوەی ولاّت، کۆمیتەی بەرگریی لەرۆژنامەنووسانیان دروستکرد وەك کۆمیتەیەکی سەربەخۆ و ئازاد.



بۆزیاتر تیشك خستنە سەرکار و چالاکییەکانی ئەم کۆمیتەیە لە بواری داکۆکیکردن لەمافی رۆژنامەوانی کورد، بە پێویستمانزانی ئەم دیمانەیە لەگەڵ نووسەرو رۆژنامەنووس (هیشام ئاکرەیی) سەرۆکی کۆمیتەی ناوبراو ساز بکەین.

نێوەند: کۆمیتەی بەرگریی لەرۆژنامەنووسان کەی دروست بووە؟

هیشام: بیرۆکەی دروستکردنی ئەم کۆمیتەیە بۆ مانگی چواری 2006 دەگەڕێتەوە. سەبارەت بەستافی ئەم رێکخراوە، کۆمیتەیەکی کارگێری کاتیمان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی چالاکییەکان و کارەکانی پێویست تاوەکو کاتی بەستنی کۆنگرە. لێرەدا لەوانەیە تەنیا ناوی بەشێك لەئەندامانی دەستەی کارگێریی پێویست بێت نەك هەموو ئەندامانی کۆمیتە، کە جگە لەهیشام ئاکرەیی، رووناك شوانی، ئاسۆ بیارەیی، ڕەفعەت هەڵەبجەیی، رێکار ئەحمەد، خالد مەجید فەرەج، ڤینۆس فایەق، رێژین ئیبراهیم، ڕەحمان غەریب لەناو دەستەی کارگێڕیدا جێ دەگرن.

نێوەند: ئامانج و کاری ئەم رێکخراوە چییە؟

هیشام: لەوانەیە بەشی گرنگی ئامانجەکانمان لەم خالاّنە پێك هاتبێت کە لە پەیرەوی ناوخۆی رێکخراوەکەدا هاتوون و بریتین لە:

بەرگریی کردن لە رۆژنامەوانان بەرامبەر ئەو ئازارو ئەشکەنجەو هەڕەشانەی کە رووبەروویان دەبێتەوە چ لەلایەن دوژمنانی گەلی کوردەوە بێت یاخود لەلایەن دەسەلاّتی خۆماڵییەوە. گرنگی دان و بەرگریکردن لەئازادیی رۆژنامەگەریی و مافەکانی رۆژنامەوانان و یاساکانی رۆژنامەگەریی.

دەستنیشان کردنی پێشێلکاریەکانی رۆژنامەگەریی و سانسۆر و چاودێریی کردن و هەڵسەنگاندنی ڕەوشی رۆژنامەوانی لە کوردستان و تاراوگە.

بەرگریکردن بەم شێوازانەی خوارەوە دەبێت:

1-دابینکردنی پارێزەر و یاساناس بەمەبەستی بەرگریکردن و ڕەچاوکردنی یاسا لە مامەڵە کردن لەگەڵ رۆژنامەوانان‌دا.

2-کەمپین.

3-دەربڕینی نارەزایی راستەوخۆ دژی لایەن یاخود دەسەلاّتی پێشێلکار و سزادەر.

4-پێشکەش کردنی یادداشتنامە دژی لایەنی پێشێلکار و پەیوەندیدار.

5-رێپێوان.

6-بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی دەوری لەسەر بارودۆخی رۆژنامەگەریی لەرۆژنامەوانان لە کوردستان.

**نێوەند: ئێوە تا چەند بڕواتان بە وەرگرتنی ئەندامان هەیە؟**

**هیشام: وەرگرتنی ئەندامان بە گوێرەی ئەو ئۆرگانانە دەبێت کە لەکۆمیتەی بەرگریی لە رۆژنامەوانانی هەیە، هەروەها ئێمە دوو جۆری ئەندامان دەبێت: ئەندامانی چالاك و ئەندامانی ئاسایی. هەروەها پێویستمان بەکەسانی پسپۆر دەربێت وەك پارێزەر و یاساناس و رۆژنامەوانانی خاوەن ئەزموون کە یاساکانی کاری رۆژنامەوانی دەزانن. هەڵبەتە ئەم کۆمیتەیە پێویستی بە پشتگیریی هەیە، بۆیە پێویستمان بەهەموو تواناکان هەیە و دەرگای ئەم رێکخراوە ئاواڵەیە بۆ هەموو رۆژنامەوان، نووسەرو کەسانی تر کە بتوانن لەیەکێ لەبوارەکاندا هاوکاریمان بکەن، با ئەو هاوکاریە تەنیا ناو نووسینیش بێت.**

**نێوەند: ئایا ئێوە بارەگاتان لە کوردستان هەیە؟**

**هیشام: ئێمە تەنیا لە مانگی 10وە دەستمان بەکار کردووە بۆیە تاوەکو ئێستا بارەگامان نییە بەڵام چونکە ئێمە ئەندامامان لەباشووری کوردستان هەیە، ئاساییە بارەگاشمان هەبێت و بۆ ئەو مەبەستەش داواکاریی رەسمیمان ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان کردووە و چاوەڕێی وەڵامین بۆ ئەوەی بارەگا بکەینەوە.**

**نێوەند: زۆربەی رۆژنامەوانانی کورد بە ئومێد بوون سەندیکا و رێکخراوەکان دیفاع لە رۆژنامەوانان بکەن، ئایا دەتوانن بڵێن کۆمیتەی بەرگریی لە رۆژنامەوانان دوورە لە دەستێوەردانی حزبی و بۆ بەرگریی لە رۆژنامەوانان دروست بووە؟**

**هیشام: بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم کە یەکێ لە هۆیە هەرە سەرەکییەکانی دروست بوونی ئەم کۆمیتەیە، دەستێوەردانی حزبەکان بووە لە رێکخراوەکانی تری رۆژنامەوان، هەروەها لەبەرئەوەی رێکخراوەکانی تر لەجیاتی ئەوەی بەرگریی لە رۆژنامەوانان و ئازادی رۆژنامەگەری بکەن، بەرگریی لە دەسەڵات و پارتەکان دەکەن، ئەمەش دوورە لە لەپرەنسیپەکانی رێکخراوەکانی مەدەنی و بەتایبەت بۆ رێکخراوێکی رۆژنامەوانان کە دەبێت چالاکانە و بەگوێرەی پێوەرە جیهانییەکان کاربکات.**

**لەلای ترەوە ئەم کۆمیتەیە کاتێك دەست بەکاربوو کە بینیمان چەند بڕیارێکی ناتەواو سەبارەت پیشەی رۆژنامەوانی لە باشووری کوردستان دەدرێن و رۆژنامەوانان زیندانی دەکرێن بەبێ رەچاوکردنی یاساکانی کاری رۆژنامەوانی. بۆیە کۆمیتەی بەرگریی لە رۆژنامەوانان بەهیچ شێوەیەك دەستکاری حزبی و هەتا هی حکومی قبوڵ ناکات و لەپەیرەوی ناوخۆی رێکخراودا بەووردی باسی ئەم خاڵە کراوە.**

**نێوەند: پەیامی ئێوە بۆ رۆژنامەوانان چییە؟**

**هیشام: رۆژنامەوانان وەك توێژێکی رۆشنبیریی ناو هەر کۆمەڵگایەك پێویستە پێشەنگ بێت لە بەرپاکردنی یاساو هێنانە کایەی کۆمەڵگای مەدەنی، هەروەها دەبێ زانیاریەکان بە ئەمانەتەوە بگەیەنێتە جەماوەر. بەڵام تاوەکو رۆژنامەوانان بتوانن ئەم ئەرکەی خۆیان ئەنجام بدەن، دەبێ ئازادانە کاربکەن و بواریان بۆ برەخسێنرێت بۆ ئەوەی ئاشنای پێوەرە جیهانییەکانی یاساو شێوازی رۆژنامەوانی بن. بەهیچ شێوەیەك زیندان نابێت ببێتە جێگای رۆژنامەوانی بوێر و بەرپرسیار لە شەرەفی کاری رۆژنامەوانی.**

**هەر بۆیەش داوا لەرۆژنامەوانانی کوردستان دەکەین، خۆیان رێك بخەن و لەدەوری یەکتر کۆببنەوە سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانی فکریی و سیاسی کاربکەن بۆ ئازادی بیروڕا و ئازادی کاری رۆژنامەگەریی و دابین کردنی مافەکانیان لەسەرانسەری کوردستان. بۆ ئەو مەبەستەش کۆمیتەی بەرگریی لە رۆژنامەوانانی کوردستان دروست کراوە و داوایان لێ دەکەین پشتگیریی ئەم رێکخراوە ساوایە بکەن بۆ ئەوەی سانسۆر و دەستێوەردانی حزبی و حکومی لەکاری رۆژنامەوانانیدا بنبڕ بکرێتو یاسایەکی دادپەروەرانە لە کوردستان بۆ کاری رۆژنامەوانی دابنرێت و بەگوێرەی ئەو یاسایە مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەوانان بکرێت.**